ؤسید حەکیم چاوی بە دکتەر حەیدەر عەبادی دەکەوت و هەردوو لا ڕەکن لەسەر بەرنامەی حکومی و چاکسازییەکانی داهاتوو



بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا چاوی کەوت بە بەڕێز دکتەر حەیدەر عەبادی سەرۆکی هاوپەیمانەتی نەسر، لەم دیدارە بیرو ڕا سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و کات و ساتە دەستوورییەکان بە دیاریکردنی هەرسە سەرۆکایەتییەکە و پێکهێنانی حکومەتی تازە تاوتوێ کرا.

هەردوو لا جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی ڕەکەوتن لەسەر بەرنامەی حکومی داهاتوو و پێویستی دەستپێکردن بە چاکسازییەکان بەشێوەیەك کە پێگەی ولات پتەوتر بکات، هەروەها خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، هەروەها دەخی سەقامگیری لەسەر هەموو ئاستەکان باشتر بکات، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە ولات فرە داهات بێت و چیتر خۆی بە تاکە داهات نەبەستێتەوە و خۆی و چارەنووسی گەل بە نرخی نەوت گرە نەدات، بە ئەوەش سوود لە ئەزموونی حکومی و ئەکادیمی لەم بوارە وەربگرێت.

هەردوو لا دووپاتیان کردەوە کە پێویستە بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی کەسی و تایبەت بالادەست بێت، هەروەها گرنگە بەیاری سیاسی بە لایەن بێت و هەمووان بەرپرسیارێتی بەرامبەر نیشتمان و ئیرادەی گەل لە ئەستە بگرن.